"پەرلەمانی کوردستان"، پەرلەمانی خەڵکی کوردستان نییە!

دوێنێ 2005/10/26 پەرلەمانی کوردستان لە ڕێگای سەرۆکەکەیەوە عەدنان موفتی لە ڕاگەیاندنێکدا پیرۆزبایی پەرلەمانی کوردستانی لە " گەلی کوردستان و گەلانی عێراق" گرد، بە بۆنەی "سەرکەوتن و پەسندکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق"وە. بەجیا لەوەی کە پرۆسێسی نوسینی دەستورو هەروەها سەپاندنی لە پرۆسەیەکی گالتەجارانەی دەنگداندان و بەجیا لە تەزەویراتێکی بەرفراوان و بێوێنە و بەجیا لە هەموو ئەوانە.... پیرۆزبایی کردنی پەرلەمان لە سەپاندنی دەستوردا بەسەر خەڵکی کوردستان پیرۆزباییە لە ئەمەریکا و سیاسەتە کانی لە عیراقدا، پیرۆزباییە لە جامیعەی عەرەبی و ناسیونالیزمی عەرەب و پیرۆزباییە لە تورکیا و جمهوری ئیسلامی ئێران و ئیسلامی سیاسی شیعی و سوننی، پیروزباییە بە بۆنەی سەرکەوتنی سیاسەتی پارتی و یەکێتییە لە مەڕ لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە لە مەڕ زەوتکردنی ئیرادەو مافی بڕیاردانی سیاسی خەڵکی کوردستانەوە. ئەم پیرۆزباییە پیرۆزبایی سەرکوتی مافی جیابونەوەی کوردستانە لە هەموو ئەو هێزو دەوڵەتانەی کە دژ بە جیابونەوەی کوردستانن. پیروزبایی پەرلەمان ڕمێکی ژەهراویە بۆ سەر سنگی خەڵکی کوردستان و خواست و داوا ڕەواکانیان لە پەیوەند بە جیابونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆو ریفراندۆمێکی ئازادو گشتییەوە. بەم پیرۆزباییەی پەرلەمانی کوردستان بە راست و دروست سەلماندنی کە فڕی بەسەر خەڵکی کوردستان و داواو خواستەکانی ئەوانەوەنیە، بەلکو پەرلەمانی یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستانەو پەرلەمانی چەپڵە لێدانە بۆ بڕیارو سیاسەتەکانی ئەوان و هیچی دی.

فیدرالیەتێك کە یەکێتی و پارتی سەپاندییان بە سەر خەڵکی کوردستاندا، ماناکەی لەماوەی زیاتر لە 2 ساڵدا بەرۆشنی بۆ خەڵك دەرکەوتوە، لە چاوەڕوانی و کالتەکردن بە شعور هەستی خەڵکی شاری کەرکوکەوە بە بێحورمەتی و سەپاندنی ژیانی ئاوارەیی بەسەریاندا لەنیو شارەکەی خۆیاندا. بە نەبونی کارەبا و سوتەمەنی و بەنزین و گران بونی لە ڕأدە بەدەری نرخی پێداویستیەکانی ژیان و کەمی ئاستی موچەی فەرمانبەران و مامۆستایان و کرێکاران، بە زەوتکردنی مافە سیاسی و مەدەنیەکان و بە تەقە کردن لە خەڵکی کوردستان، تەنها لە بەر ئەوەی ناڕازین دژ بە گەندەڵی و کەمی موچەو نەبونی بەنزین و... مانیان گرتوە یان خۆپیشاندانیان بەڕێخستوە. ئەوە فیدرالیەتەو بە تەجروبە دووساڵ زیاترە لە کوردستان پراتیك دەکرێت. دەستورێك کە پەرلەمان پیرۆزبایی لێدەکات هیچی تر نیە جگە لە بە یاسایی کردن و بە دەستوری کردنی ئەم هەلومەرجە نەبێت لە ڕوانگەی خۆیانەوە. بەلأم سەپاندنی دەستورو نیشاندانی ئەوەی کە قبولکراوە، هیچ مەسەلەیەك ناگۆڕێت، باری ئەمنی خراپتر دەبیت باشتر نابێت، ترس لە روادنی شەری قەومی زیاتر دەبیت کەمتر نابیت بەتایبەت لە پەیوەند بە مەسەلەی کەرکوکەوە، فراوانبونەوەی شەری تائیفی نەك کەمتر نابێتەوە بەڵکو بەرەو فراوانتر بونەوە دەروات چونکە تائیفە چێتی بوە بەدەستوری وولات. کوردستانیش زیاتر دەبێتە جیگاو شوێنێك کە تیرۆرستان بیکەنە مەیدانی ململانێی جەنگی تیرۆریستی خۆیان. ئەمانە خێرو بیری سەپاندنی دەستورن کە دژ بەویست و خواستی خەڵکی کوردستان و سەرجەم "ئەو گەلانەی عیراقن" کە پەرلەمان پیرۆزبایی دەکات لێیان.

خەڵکی کوردستان بەجیا لە پەرلەمانی یەکێتی و پارتی و بەجیا لە سیاسەتی بەزۆر لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە کە لەلایەن یەکێتی و پارتیەوە دەڕواتە پێشەوە، هەڵوێست و سیاسەتی خۆی دەمێکە دیاریکردوە لە پێناو جیابونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆوە لە ڕێگای ریفراندۆمێکی ئازادو گشتییەوە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، خەباتی خۆی لە پێناو بەدیهێنانی سەرجەم خواستەکانی خەڵکی کوردستاندا بێ دریغ دەباتە پێشەوە.

ڕیکخراوی کوردستان

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

2005/10/27